# پرسو کەلکەلەی رۆشنبیریی کوردیی

## مێزگردی هەفتەنامەی رۆژهەڵات لەگەڵ گروپی نما

**خوێندنەوەی بەردەوامی چالاكییە فیكریی و رۆشنبیرییەكانو پۆلینكردنو خەسارناسییان ئەو زەرورەتەیە كە دەتوانێ لە گۆڕانو وەستانو پاشەكشێو پێشكەوتنەكانی ئەو فەزایە ئاگادارمان بكاتەوە، جگە لەوەش رووانین بۆ داهاتووی نزیكی چالاكیی رۆشنبیریی دەتوانێ نیشاندەرو دەرخەری ئاراستەو ئینتیمای فیكریی ئەمڕۆمان بێت، لەم سۆنگەیەوە پێویستە بەردەوام لە هەوڵە رۆشنبیرییەكان بدوێین تا ئەوەی پێشتر كراوەو ئێستا ئەكرێو رەنگە لە داهاتوودا بكرێت باشتر دەربكەون، دیارە خوێندنەوەی فەزای رۆشنبیریی، پێویستی بە خوێندنەوەیەكی بەرفرەو چەندلایەنە هەیەو خوێندنەوەیەكی یەكجاریو بنبڕانە ناخوازێو ئەم مێزگردەش لەسەر هەندێ لایەنو رەهەندی ئەم فەزایە دەدوێ.**

**پێگەی رۆشنبیر، فەزای رۆشنبیریی، قۆناغەكانو خاڵە لاوازو بەهێزەكانیو پرۆگرامە دیارو نادیارەكانی رۆشنبیریی كوردیوچەندین پرسو بابەتی دیكە تەوەرەكانی ئەم مێزگردە پێكدێنن.**

**بەشداربووانی ئەم مێزگردە كە ئەندامانی" سەنتەری لێكۆڵینەوەی فیكریيو ئەدەبیی نما "ن بریتین لە:**

**ئیسماعیل كوردە ، نووسەرو روناكبیر**

**جەمال پیرە ، نووسەرو رۆژنامەنووس**

**ستار باقی ، نووسەرو كۆمەڵناس**




1_ باسەکەمان لەسەر رۆشنبیرییە، بە روانینێکی خێرا تێدەگەین ئێستە و بەتایبەت لە رۆژئاوادا قسەکردن لە رۆشنبیر وەك کائینێکی تایبەت جێگەی خۆی داوە بە قسەکردن لە «رۆشنبیری» و لە ئێستەدا ئەمە رۆشنبیرییە کە گرنگترە نەك رۆشنبیر، هەرچەند دەکرێ نموونەی کەسانی رۆشنبیر لە ئێستەشدا بدۆزرێتەوە بەڵام رۆشنبیر بە مانای سارتەرییەکەی بەرەو کاڵبوونەوە چووە، ئایا چۆن سەیری ئەم رەوتە دەکەن و بەرەنجامی ئەم گۆڕانە لەچییەوە هاتووە؟



**ئیسماعیل كورده** : لێرەوە دەبێ بڵێین ئەوە فەرهەنگو كەلتوورە كە رۆشنبیر بەرهەمدێنێو ئەرگی گەشەپێدان یان داهێنان دەخاتەئەستۆ ئەو كائینە، بارومەرجی رۆژئاوا، زەمانو زەمینەیەكی جیاوازە، بەجیاوازی كەلتوورو فەرهەنگو شارستانیەتو كاریگەری بوون یان نەبوونی كایەی سیاسییو كۆمەڵایەتیو ئایینی. كە هەمیشە تێیدا فاكتەرو كاراكتەرەكان شوێن گۆڕدوكات، كە بەشێكە لەزیندوویێتی شارستانیەتی رۆژئاوا. ئەوە دەولەمەندی كەلتوورەكەیەتی وایكردووە رۆڵی رۆشنبیر بەئاراستەی كاڵبونەوە ببات، رۆژگارێك رۆشنبیرانی رۆژئاوا كاراكتەری یەكەمی هەموو گۆڕانكاریو بونیادنانەكان بوون، كەهێشتا رۆژئاوا لەبای فەرهەنگیو كەلتووریەوە نەچوبووە ئاقاری كامڵبوونو كاریگەری گەیاندن، ئەو رۆژگارە پیویستی بە سیمبوڵ یان پاڵەوان هەبوو بۆ ئەوەی بوحرانی پێشكەوتنەكان بەقوڵی بونیاد بنرێنو كاریگەر بن، ئەو رۆژئاوایەی لێ بێتە بەرهەم كە كلتورەكەی بێ كاریگەر نییە، گۆڕانی كاراكتەری رۆشنبیر بۆ كایەی رۆشنبیریی لەوێدا، دەرئەنجامی گەشەی سروشتیانەی كۆمەڵگاو مەعریفەتە بە بڕینی قۆناغی رینیسانس، رۆشنگەری، دواجار بەلوتكەگەیشتنی مۆدێرنێتەو رەوتی تەكنەلۆژیای ژیانی سیاسییو كۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگی ئەوروپا بەتایبەتیو رۆژئاواش بەگشتیبگەن بەم قۆناغەی گەشەی مەعریفیانە لەدنیادا. بەئاراستەیەك دەوڵەمەندی كەلتووری رۆشنبیریی رۆژئاوا تارادەی بەردەوامی ئێستا بەرهەمهێنەر روناكبیرو فەیلەسوفو داناو زانایە، ئەو بونیادەی رابردووە كەڵەكەبوونی مەعریفیانەی كایەكانە لەوێدا تا ئاقاری بەرهەمهێنانی سیمبوڵە رۆشنبیرییەكانیان.. كە ئیدی ئەم بونیادە بەئاسان ناكەوێتە ، نەژێر كاریگەری كەلتوورەكانی دیكەی دەرەوەی خۆی، نە هیچ رۆشنبیرێك لەرۆژئاوادا دەتوانی جگە لەزێدەكردن گۆڕانی تێدا بكات.

كەمبوونەوەی توانستی گۆڕانو كاریگەری لەرۆشنبیرییدا بێگومان شوێن پێی لەق دەكات لەوەی لەكاراكتەرییەوە بۆ هۆكارگێری بیگۆڕێتو رۆڵی كاڵبكاتەوە.. لەسەر ئاستی كۆمەڵگاشدا لەنێو ئەم هەموو پێشكەوتنەی رۆژئاوادا كەسی رۆشنبیر دەكەوێتە نێوكۆی بارەگشتیەكەوە كە كلتووری رۆژئاوا یان ئەوروپایە وەك نەتەوەو وڵاتو كەلتووری جیاواز.. راستە ئێستا كەسانی رۆشنبیر دەتوانرێ بدۆزرێنەوە، وەلێ ئەمانە هەم دەستەبژێرێكن، هەمیش دەچنە خانەی فەلسەگەراییەوە نەك رۆشنبیریی. بەنموونە قسەكردن لە (چۆمسكی ) قسەكردنە لە فەلسەفەی نوێی زمان، یان ئاخاوتن دەربارەی هەڵوەشانەوەگەرایی لەدەرەوەی درێدا ئەركێكی گرانە، خوێندنەوەی هابرماس قسەكردنو

تێگەیشتنە لەمیراتی لانی کەم هەشتا ساڵەی فوتابخانەی فرانکفۆرتو مۆدێرنێتە.. بۆیە ئەمانە کەسن، وەلێ ئاسایی نیین. مەرجیش نییە لەو جەنجاڵییەی ئێستای فیکرو فەلسەفەی دنیادا کاریگەرییان سەددەرسەد بێت.. ئەی ئەو رۆشنبیرانەی هەنو کاریگەری مەعریفیو فیکریو یان فەلسەفییان نییە ، ئەمانەن کە کەلتوورو فەرهەنگی زیندوو رۆژئاواو ئەوروپا هاڕیونی.



**جەمال پیرە:** ئەگەر قسەکردن لە رۆشنبیر قسەکردن بێت لە کاراکتەرێکی گۆڕانو مرۆڤێکی کارای نێو کۆمەڵ، قسەکردن بێت لە کەسێك کە بەردەوام لەهەوڵی خوڵقاندنو هێنانەکایەی دەرفەتێکی ترە بۆ بیرکردنەوە یاخود بۆ بۆ بەردەوام ناونانەوەی شتەکانی دەوروبەرییەتی ئەوا دەکرێ پێمانوابێ کە خودی"رۆشنبیر" لەیەککاتدا هەم سوپەرمانی گۆڕانەکانو هەمیش بەشێکی گرنگی پێکهاتەی چەمکی "رۆشنبیریی"ە واتە تۆ ناتوانی لەیەککاتدا ئەم دوو چەمکە بەکاربهێنیتو لەیەکتریان دابڕێنی، ئەوە نانەوەی گرفتێکی گەورەیە کاتێ بمانەوێت کەسی رۆشنبیر بمرێنینو نیازیشمان گەشانەوەی فەزای رۆشنبیریی بێت!! زەحمەتە بتوانین ئەم دوو ناوەی کە باسیان لێوە دەکەین نەیانشوبهێنین بە دوو عەشیقەی گیانیی. مەسەلەی پابەندبوونی رۆشنبیر کە تێزە فەلسەفییەکەی"سارتەر" لە رووانگەیەکی بوونگەراییدا بە بەراورد لەگەڵ فینۆمینۆلۆژیادا شیکارکراوە، تا ئاستێکی زۆر کاریگەریی بەسەر رەوتی روناکبیری خۆرئاوا هەبوو، ئەوەی کە ئەو بانگەشەی بۆ دەکرد جۆرێك بوو لە سەربەخۆبوونی ماتەریالیانەی رۆشنبیر، دەکرێ پێمانوابێ کە گرفتێکی سەرەکیی" رۆشنبیر"ی ئێمەیش بەگشتی لەوەدا دەبینرێتەوە کە نەیتوانیوە لەساتەوەختی خۆیدا خاوەنی ئەم شێوە سەربەخۆبوونە بێ، وێڕای ئەوەی کە خۆرئاوا لە فەزاکەیدا وەها لە مۆدێرنە دەڕوانێ کە تاکە ئاسۆیەکی بەرەنگاریی رابردووگەرییو تاریکبینیو سەردەمە بەردینییەکانە، بە پشتبەستن بەم پاڵپشتەی خۆیەوە سارتەرو بیرمەندانی تر لە ئانوساتی جیاجیادا داوای هەڵوێست لە مرۆڤ دەکەن، هەڵبەتە مەسەلەی ئیلتیزام هەوێنی زۆرینەی نووسینەکانی سارتەر بوو بە کارە ئەدەبییەکانیشییەوە ، ئەو بەردەوام بە دوای دۆزینەوەی راستیی ماجەرای رەخنەییدا بوو، وێڕای هەموو ئەو توندڕەوییە ئایدۆلۆژییەی خۆیشییەوە کە لە هەندێ حاڵەتدا وروژاندنی مەسەلەیەك بوون بێڕەچاوکردنی هەستونەستی ئەویدی، ئەگەرچی لە کۆتاییەکەیدا لە زۆر لەم هەلوێستە نێگەتیڤانەیەی خۆی پاشگەزبووەوە، هەموو ئەو پاشخانە فیکرییو فەلسەفییەی خۆرئاوا فاکتەریی سەرەکیی دروستبوونو هاتنەئارای نوێترین بگرە شیاوترین کەشو هەوای

**روناكبيرييه له دنيادا، رەنگبێ سروشتومەغزای چەمكی رۆشنبيریی مانایەك بدەن بەدەستەوە كە جەغد بكاتە سەر بیركردنەوە وەك هەیە نەك وەك دەبێ، لەهەر ئانوساتێكیشدا تواناوئامادەییەكی تایبەتو جیاواز لەئارادابووە بۆیەشە دیاردەكانی فەرهەنگیی زاڵو كاریگەر ناكرێت بە تەنها سەردەمێك ببەسترێنەوە یان وابەستەی چەند كەسانێك بكرێن با ئەو كەسانە لە لووتكەی تێگەیشتوویی خۆیشیاندا بووبن، مادام ژیان بەردەوامە واتاو دالی چەمكەكانیش بەردەوامو لە گۆڕاندا دەبن، پێشكەوتوویی یا گۆڕانە رەگوریشەییەكانی بواری كەلتورییش لە سیاقی مێژوویی خۆیدا كاریگەرو مانابەخشدەبن   دیارە ئەمانە بەشێكی سەرەكیی بەرەنجامی ئەو گۆڕانەیە كە باسی لێوە دەكەن.**



**<u>ستار باقی:</u> هەڵبەت قسە كردن لە بارەی رۆشنبیر وەك بەرهەمی دەم  پرۆسەیەكی مێژوویی درێژی خۆ رۆشنبیركردن،جا لە ژێر هەر چەتر و ئان وزەمانێك بێت، ئەوە پێویست بە هەڵوەستە دەكات.واتە هەڵوەستە كردن لە قۆناغی سەرەتا وناوەراست و تا دواییەكەی، كە ئەوەی دواییان وەستانی بۆنیە و تا ئەوكاتەی شرۆڤەولێكدانەوەیەكی تر بۆ ئەو پرۆسەیەو ئەو كائینەی بەناوی رۆشنبیر تیایدا لە دایك بووە دەكرێت.لەم سۆنگەشەوە قسە كردن لەسەر فەزای رۆژئاوا و بەرهەم و دەرئەنجامە یەك لە دوا یەكەكانی دەشێت بۆ ئێمە تەواو لەلایەنی ئەتمۆسفیری سەراپای كۆمەڵگەیەكی تەقلیدی  لێكدانەوە و هەڵسەنگاندنێكی  تەواو جیاواز هەڵبگرێت و پێویستی بە پێوەری تایبەت بەخۆی هەبێت،چونكە لە خۆیدا رۆشنبیر یەك پرۆسە ئاڵوگۆر دەكات، ئەویشیان لە خۆگرتنی خالق ومەخلوقە بۆ هەموو بوون و نەبوونەكانی نێو هەر كۆمەڵگەیەك،بەم پێیەش رۆشنبیر لە یەك كاتدا دەبێ لە خۆیدا واتە لە نێو كەتوارەكەیدا لە دایك بێت و لە هەمان كاتیشدا خۆی ببێتە فاكتەر و بەرهەم دروست بكات و بخولقێنێت.ئەو كاتەی  رۆشنبیریش جێگە چۆڵ دەكات بۆ قسە كردن لە رۆشنبیر وەك بەرهەم هاتوویەكی دەم پرۆسەكە  خۆیەوە، ئەوەیان  واتاگەلێك دەبەخشێت، واتە چەندان رەهەندی لێكدانەوە و بۆچوون لە خۆدەگرێت.دیارە رۆشنبیر وەك كائینێكی ئەفرێنەر  خۆی هاتووە قسە لەسەر (رۆشنبیری) وەك بەرهەمێكی خەباتی رۆشنبیر خۆی یا كۆمەڵگەكەی دەكات، كە دەكرێت ئەوەی دواییان مەبەستی سەرەكیو لە هەمان كاتیشدا نەبێت.ئا لەوكاتەدا خودی كەسانی رۆشنبیر بكەر وداینەمۆن لە هەمان كاتدا مۆتیڤی سەرەكی ئەو پرۆسەیەشن كە ئێوەشیان بە گوتەزاكەی  سارتەر هێناوەتە نێو واری پرسیار كردن لە خودی هەردوو پرۆسەكە و بە تایبەت پرۆسەی رەوتی كاڵبوونەوەی رۆشنبیرە بەرانبەر بە رۆشنبیری.گومانی ناوێت،بەردەوام واتە لە هەموو كاتێكدا بوونی**

شتەکان وریٚز لیٚگرتنیان بەندە بە قۆناغی کالٚ بوونەوە وپاشانیش سەوز بونەوەیەکی تر...،لە هەمان کاتیشدا وەکو حەتمیەتیٚك دەبیٚت ئەوە بزانین کە ئەو هەردوو چەمکە رۆشنبیر و رۆشنبیری پەیوەندیەکی جەدەلی وخالٚی هاوبەش وتیٚکچرژاو لە نیٚوانیان کۆیان دەکاتەوە، بۆیە لە ئیٚستای ئەم پرسیارەدا ئەوانە ئیشکالیەتیٚکن و پیٚویستیان بە یەکلایی کردنەوە هەیە،کەچی دەبیٚت بزانین کە دیسانەوە یەکالاٚ کردنەوەشیان لە خۆیدا ئیدامە بە نەمریٚتی ئەو ئیشکالیەتەی نیٚوانیان دەدات،چونکە هەردوو چەمکەکە لەمەوبەر خودان یەکتر بەرهەم هیٚنەوەن، کە ئەویشیان خەسلٚەتی نەمریٚتیان پیٚدەدات، واتە رەتی کالٚ بوونەوەی هەریەکیٚکیان لە بەرانبەر ئەویتریان ناکەین.یاخود وەك لە پرسیارەکەدا دیارە ئیٚمە بەتەنگ تاوتۆیٚی ئیشکالیەتی نیٚوان رۆشنبیر و رۆشنبیری ،وەك دووچەمکی بەشدار و بەرهەمی نیٚوان یەك پرۆسەوە نین، بەقەد ئەوەی دەمانەویٚت سەلمیٚنەیك بۆ کالٚ بوونەوەی رۆشنبیر بکەین، کە بەمانا سارتەیەکەی مەزەندە کراوە...لە وەیاندا دەکریٚ هەردوو پیٚکهیٚنەرە سەرەکیەکەی کۆمەلٚگە واتە سەرخان وژیٚرخان دروستکەری ئەم رەوتی کالٚبونەوەیە ببن، چونکە لە رۆژئاوا کە وەکو سەمپلیٚکی ئەم پرۆسەی گۆرانە لەبەر چاو گیراوە،ئەوە ململانیٚی باو و قوولٚ لە نیٚو ئەو دوو رەگەزە پیٚکهیٚنەرەی کۆمەلٚگەکەیان خۆیدایە،بۆیە ئەم رەوتە لە ئەوروپایەك یا رۆژئاوایەك روودەدات کە لەم دیو مۆدیٚرنیتەوە ژیان بەسەر دەبەن و خودی رۆشنبیر خۆشی دیارترین رووی ئەو قۆناغەی مۆدیرٚنیتە خۆیەتی.ئەگەر هاتوو وا دابنیٚین کە مۆدیٚرنیتە لە دوای تەجەللا یا کۆلٚەگەی عەقلٚەوە سەرچاوەی گرتبیٚ کە یەکەمیان ئەقلٚی ئامرازە کە بەپەرەسەندنی تەکنیك فۆرمەلٚە دەبیٚت و ئەویتریشیان هەر ئەقلٚە بەلاٚم (ئەقلٚی رەخنەییە) کەبەردی بناغەی هەر جۆرە تەقەلایەکی مۆدیٚرنەیە لە پیٚناو ئازادی تاکگەرایی و سەربەخۆی بکەرەکان.جا شویٚنی رۆشنبیر لەوکاتە دەبیٚ بە روویەکی سەرەکی (هاولاٚتیٚتی) مۆدیٚرن لەقەلٚەمی بدەین، ئەوەش لەوکاتەدا کە بەرگری لە بەها بنچینەییە پیٚکهیٚنەرەکانی فەزای سیاسی و کولتوری مۆدیٚرنیتە دەکاتو لە هەمان کاتیشدا دەیخاتە ژیٚر رەخنەوە.هەر لەگەلٚ دەست پیٚکردنی مۆدیٚرنیتەشدا رۆشنبیران وەکو بکەری میٚژوویی چی جا کاتیٚ وەکو ئەدیب یا دانا یا فەیلەسوف ... ناودەبران، ئەوە کۆمەلٚەیەکی کۆمەلاٚیەتی کولتٚوری پیٚکدەهیٚنن،کە هەلگری کۆمەلیٚك تایبەتمەندی دیاریکراون.زانراویشە کە لە زۆربەی کولتورەکاندا پەیوەندیە مرۆییەکان بە زۆری لەلایەن دەسەلاٚتی ناعەقلانی دیاری دەکریٚن،جا لەدوای ئەوە ئەرکی رۆشنبیری سنورەکانی هزرو تیٚرامانی خۆی چر دەکاتەوەو هەولٚ بۆ خستنە سەر ریٚگەی هزری لۆژیکی باری کۆمەلٚگە دەدات.بەلاٚم دەسەلاٚتو قالٚبوونەوەی رۆشنبیر وەك بۆ ئەو دیوی خۆیو لە پیٚناو بەرژەوەندی گشتی خستیەگەر، جا ئەگەر بەلای **سارتەرەوە** رۆشنبیر بەرەو کالٚبوونەوە چوبیٚو لەلایەن (کاستۆریادید)دا رۆشنبیری بریتی بیٚ لە(کەسانیٚك کە هەر پیشەیەکیان هەبیٚت، ئەوە تیٚدەکۆشنو بواری رۆشنبیریٚتیان تیٚدەپەریٚننو کاریان ئەوەیە گرنگی بەوشتانە بدەن کە لە کۆمەلٚگەکەیان روودەداتو بە گوتاریانو خستنەرووی راشکاوانەی بیروڕای گشتیشیان توانیویانە یا دەتوانن کاربکەنە سەر گۆرانی کۆمەلٚگەیان، هەروەها سەر بزاوتە میٚژووییەکەشی) کەواتە بەرهەمی ئەو تیٚفکرینە لەمەوبەرەی رۆشنبیران خۆیان بووە کە لە ئەو پەری کالٚیان لە کارکردنو نواندنی رۆلٚیان توانیویانە ئەمرۆ بەرهەم بهیٚنن، کە گرنگیو بایەخ بە رۆشنبیری بدریٚ نەوەکو رۆشنبیر خۆی.بۆیە لە میانی

**سەیرکردنو تێروانین لەم ڕەوتە دەردەکەوێ کە قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی مێژوو خۆیان بەم شێوە خوێندنەوەی ڕۆشنبیران خۆیان دووبارە دەکەنەوە، کە ئەوەشیان بەرئەنجامی ئەو چەندان قۆناغە یەك لە دوایەکەی مێژووی وابەستەگی ڕۆشنبیر خۆی بە کۆمەڵگەکەوەیەتی، کە ئەمڕۆی ئەورووپای لێهاتۆتەبەر، کە ئەوەشیان دیسانەوە ڕۆشنبیر ڕۆژانێك بوە کاری بۆکردوە.بەڵام دەشێ لەم دیو مێژووەوە بوبێت ، ئەگینا کاڵ بوونەوەو گۆڕان دووشتی حەتمین،دیارە لەم نێوەندەشدا بکەری کارا هەر ڕۆشنبیران خۆیانن.**

2_ ئەگەر ئەمە وەربگرین کە قسە کردن لە ڕۆشنبیر وەك سوپەرمەن و بە مانا سارتەرییەکەی جێگەی خۆی بە ڕۆشنبیری داوە چەندە ئەم ڕەوتە لەلای ئێمە سەری گرتووە؟ هەروەها ئەکرێ بپرسین ئەو مودێلانەی ڕۆشنبیر کەئێمە ئەزموونمان کردووە چ شتانێك بوون و ئایا لە گرنگیدان بە ڕۆشنبیر جووڵاوینەتەوە بەرەو گرنگیدان «ڕۆشنبیری»؟

**جەمال پیرە:** **پەراوێزکردنی کەسی ڕۆشنبیرو ئیشنەکردن لەسەر ناوو بایەخدان بە پرۆسەکە بەوپێیەی ئەولەوییەتی سەرەکیی بەرکەوتووە لەلای خۆماندا ئەگەر هەوڵیشی بۆ درابێ لەسەر حیسابی لەدەستدان یا وەلانانی کۆمەڵێك بەهای زیندووی نێو کۆمەڵگا خۆی بووە، ئەوەی کە لەم مەسەلەیەدا ئێمە لەگەل خۆرئاوا جیادەکاتەوە پێناسەکردنی چەمکەکانە، زۆر جار لە خۆرئاوا مرۆڤ هەڵگری ئەو بەهایە دەبێت کە دامەزراوە ئەکادیمییەکان شرۆڤەیان کردووە بە مانایەکی دی فەزای زاڵ لەوێ لەگەڵ مۆنۆپۆلکردنی راستییەکاندا هەست بە چاوخشاندنەوەیەکیش دەکرێ بە مرۆڤ، ئەگەرچی لەو ئاستەدا نییە کە گومانمان نەبێت بەڵام بەبەراورد لەگەڵ کەشی ژیاریی خۆرهەڵاتی خۆماندا کە دەسەڵاتی کۆمەڵ بەردەوام لە هەوڵی کڕینی فیکرو بیروبۆچونی هەموانە، بێرەچاوکردنی ئیرادەو حەزو ئارەزووی تاك، کێشەکە لێرەوە دەستپێدەکات وەختێ ناچینە ژێرباری ئەو پرسەی کە پێیوایە لە بونیادەوە ئێمە لەگەڵ ئەوی خۆرئاواییدا جیاوازین، ئێمە پێشتر چەندین مۆدێلی جیاوازی ڕۆشنبیریمان ئەزموونکردووە هەر یەکێ لە مۆدێلەکان هەڵگری مۆرکو تایبەتمەندێتیو ئەخلاقیاتی خۆی بووە، دەشێ گوڕوتینو حەماسی مۆدێلەکانی پێشوو کاریگەرتربووبن لەو گوڕوتینەی ئەم سەردەمەی خۆماندا، دیارە مەبەستم لە ئامرازو ئالییەتی خستنەروو نییە، بەقەد ئەوەی مەبەستم بیرکردنەوەیەکی سەلیمو ڕەخنەگرتنە لە واقیع، ئەگەر لە رابردوودا فەزای ڕۆشنبیریی کوردیی سەرقاڵی خوێندنەوەو جۆشدانی شۆڕشو خەباتی چەکداریی بووبێ کە واقیعێکی سەردەمی خۆی بووەو دەرهاویشتەی حەماسی یاخیبوونی سیاسییو کۆمەڵایەتی بووە، وێڕای کەموکوڕی هاوشێوەی قوڵنەبوونەوەی فیکرییو مەنهەجیی، فەزای ئەوێ ڕۆژێ نەیتوانیوە چوارچێوە کۆنەکانی خۆی هەڵوەشێنێتەوەو ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵ بکۆڵێتەوە، پرسیاری ئەو کاتەی ڕۆشنبیر بە کۆمەڵێك ئاماژەی سیاسییو کۆمەڵایەتییەوە تەنراوبووە، ئەو کاتە ئەوەندەی**

رۆشنبیر دەرکەوتەیەکی کاریزمی بووە نیو ئەوەندەی فەزاکە واتە فەزای رۆشنبیریی سێرەی مەبەست نەبووە، ئەمەش بێگومان رەنگدانەوەی پێکهاتەی کولتووریی کۆمەڵگای کوردی بووەو بەشێك بووە لە تێگەیشتنی تاکی کورد، هەڵبەتە هۆکارەکانیشی روون‌وئاشکران،و چارەسەریشیان بەتەنها قوڵبوونەوەو فراوانکردنی دیدو تێڕوانینە سۆسیۆلۆژیی‌و سایکۆلۆژیی‌و فیکرییەکانمانە، بەبێ شۆڕبوونەوە بەرەو خوێندنەوەی وردو جیددیانەو پەلهاویشتن بۆ چەمك‌و تیۆرە زانستییە هاوچەرخەکان نە ئەتوانین وەك شوناسێکی پێشکەوتووتر لە جاران خۆمان ببینینەوە نە ئەشتوانین گرەو لەسەر ئایندەیەکی روناکتر بکەین ئەگەر نەڵێم وێرانییەکی فیکریش بەدوای خۆیدا دێنێ، مۆدێلە کۆن‌و تەقلیدییەکانی رۆشنبیریی کوردیی لە ناوەرۆکدا مۆدێلێکی رەخنەگرانەی سەرسەختبووەو نموونەی پێشەنگەکانی رۆشنبیری کوردمان لەبەردەستدایە کە بۆ سەردەمی خۆیان چۆن یاخیگەرێکبوون بەلاّم ئەمان لە رێگەی بەیتێکی شیعریی یا گێڕانەوەی حیکمەتێکی رەخنەییانە لە دووتوێی وتارێك یا لێدوانێکدا توانیویانە پەیامەکەیان بخەنەروو، مەبەستم لێرەدا ئەوەیە کە گوتارێکی دوور بووە لە راڤەو تەفسیری قووڵ‌و پشتبەستوو بە چەمك‌و دیاردە نوێکانی کولتوری جیهانی، لەمەشدا هیچ نەبێ لە پرێکدا خوێنەری کوردیان خستۆتە نێو دنیایەکی جیاوازو روئیاو دنیابینییەکی تریان داوە بە رەوتەکە ئەگەرچی لەسەر ئاستێکی گشتگیردا نەیتوانیوە سەرنجی مرۆڤی کورد بەرەو هۆشیارییەکی تۆکمەدا بگوازێتەوە، لە حالێکدا ئەم فەزایە بەهەند وەردەگیرێ کە هیچ تەیارو گوتارێکی وشیارتر لەئارادا نەبووە..

**ستار باقی:** دروست وێکچواندنی رۆشنبیر بە سوپەرمان جۆرێك لە چاوەروانی لە نێو تەواوی کۆمەڵگە خۆی دەخوڵقێنێ.دیارە ئەوەشیان لەو پرۆسە جەدەلیەی نێوان رۆشنبیران و واقیع یا کەتوارە ژیاریەکەیان چیێ دەبیێ، کە رۆشنبیر خۆی کاری بۆ دەکات، هەوڵیش دەدات ئەگەر سەراپای کارو داخوازیەکانیشی بۆ نەیەتەدی ئەوا چەندێکیانی بۆ بسەلمێندرێت.لەم سونگەشەوە رۆشنبیر خۆی لە چەمکی بە هاولاّتی بوون ئەبستراکت ناکات، بەلاّم لەم دیو خالێ و روئیا ئاساییەکانی خەڵکی تری هاوشانی خۆی نێو کۆمەڵگە شتەکان هەست پێدەکات.بۆیە کاتی باس دێتەسەر چەندێتی جێگرتن یا جێبەجێبوونی ئەم رەوتە لە نێو کۆمەڵگە کە مەبەستم لێی (رۆشنبیران)ی ئێمەیە ئەوە بێ دوو دڵی دەبێ ئەوە بکەین کە ئێمە کۆمەڵگەیەکین لە رووی ستراکتۆری سەرخانی کۆمەلاّیەتیمان تا ئەوپەڕی پێکهاتنمان تەلقینی وتەقلیدین، لە هەمان کاتیشدا بەردەوام لە چاوەروانی گۆدۆیەکدا داین کە لە خۆمان بترازێت بوونی لەم دیو خۆمان بەدی ناکەین، لەوکاتەشدا ئێمە خۆمان ونکردووەو دەمانەوێت کەسێك جا بە هەر ناوو هەر هزرێك بێت رزگارمان بکات.جا ئەم رزگارکردنەش لە نەزانیەوە بێت یا کەمزانی یا وابەستەگی یا هەر کۆت‌وبەندێکی بەدەنیو ئەقڵی بێت.بۆ ئەوەی لە یەکلاکردنەوەی شوێن پێدانی رۆشنبیری بە رۆشنبیر سەرکەوتوبین، بێگومان هەق وایە پرسیاری شوناس بوروژێنین، چونکە نەسەلماندن‌و جێگیرنەکردنی شوناس لە خۆیدا پرسێکی زۆر هەڵگرە لە شرۆڤەو لێکدانەوە، ئالێرەدا تەنها رۆشنبیرانی ئێمە تا ئێستا بەوە ناسراون کە لە چاو خەڵك یا هاولاّتیە ئاساییەکان خوێندەوارن،

چونکە ڕێـژەی زۆری کۆمەڵگـەی ئێمـە نەخوێنـدەوارن، واتـە ناسـنامەکەیان لـەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە جیاوازبونە لە خەڵکی نەخوێندەوار، بەڵام کاتێ خوێنەواری باڵ بەسەر تـەواوی خـەڵك دەکێشێ ئەوە جیاکردنەوەی خوێندەوارو ڕۆشنبیر ئەو کات پێویست دەبێت، ئەوەشیان لەبەر ئەوەیە مرۆڤەکان بەردەوام پرۆسەیەك دووبارە دەکەنەوە کەدەشێت لێی بێ ئاگابن، ئەویشیان پرۆسەی بیرکردنەوە لە خودی خۆت بۆ خۆت و پاشان بۆ ئەویترو بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئەویتر.چونکە ئەم هەستە دەبێتە مۆتیڤی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە ئەویتر .جا کاتێکیش پێگەیاندن و پێشخستنی کۆمەڵایەتی بووە مەبەست، ئەوە ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئەوسا دەردەکەوێ، کە ئەویشیان بریتی دەبێت لە ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگە، دواتر یان جیهان.من پێم وایە کاتێ ڕۆشنبیر بوونی دەبێت، کە لە تاوەری عاج بێتە خوارەوەو پەیوەندیەکانیان ئاسۆییانە بکەنەوە لەگەڵ کۆمەڵگە.ئەگەر ئەویشیان لەگەڵ بۆچوونە جیاوازەکەی **ریمۆن ئارۆن** بەرانبەر **سارتەر** تێکەڵ بکەین، ئەوە دەبینین ڕۆڵی ڕۆشنبیر بریتیە لە ڕەخنەگرتنی ڕاستکردنەوانەو ڕۆشنکردنەوەی بەهاکان، هەر بۆیەش ئارۆن پێی وایە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر ڕۆڵێکی گشتگیرو جیهانبینیانەی هەبێت، پێویستە لە خزمەتی هەقیقەت و ئەقڵی ڕەخنەگرانەدابێت، جا کاتێك لەو گوتەزایەی **ریمۆن ئارۆن** ورد دەبینەوە کە دەڵێ (ڕۆڵی ڕۆشنبیر گۆڕینی دونیا نیە،بەڵکو بە وەفاییانە بۆ ئامانجێك کە پاراستنی بۆ ئەخلاقیاتی ئادەمیزاد پێویستە). جا ئەگەر ئەوانە بکەینە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بوونی ڕۆشنبیرو پاشان جێ چۆڵکردنی بۆ ڕۆشنبیری، ئەوە گومانی ناوێت لەوەدا دەبێت یەکلاکردنەوەمان ڕاستگۆیانە بێت ئەویش خەسڵەتێکی زۆر گرنگی ڕۆشنبیر یاخی بوونی تاسەری نیە لەگەڵ پێشبینی کردنی ڕووداو خستنەڕووی شتە هەست پێکراو نەدیتراوەکان..کە وابێت ڕۆشنبیرانمان جێگەی خۆیان نەداوەتە ڕۆشنبیری و بەڵکو هەر خۆیان پێوەی هەڵواسیوەو هەمان پرۆسەشیان لەگەڵ دەرەوەی خۆیان پیادە کردوە، لەیەك کاتدا نوێنەرایەتی ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیری دەکەن.لەم حاڵەتەشدا پێم وایە ڕۆشنبیری نەتەوەیی و مارکسیستی ، تەنانەت خێڵیش کراوەتە ڕۆشنبیریەکی ئایدیۆلۆژی و خەڵك پێوەی بۆتە ڕۆشنبیرو خۆی پێ لەخەڵکی تر جیادەکاتە، کە ئەوەشیان بۆتە ئەزمونێك و لە ئێستاشدا هەمان ئەو ئەزمونانە تاقی دەکەینەوە، کە ئەوەش واتای ئەوە دەدات خۆپەرستی و موڵکداریەتی لە ڕادەبەدەری ڕۆشنبیران لەهەمانکاتیشدا دوور نەبینینیان لە ئەوپەڕیدایە،بە گشتی خەسڵەتی دەست گرتن بەهەر پلەوپایەو شۆڕەت و ناوێك کە خۆمان بەخۆمانی دەدەین، ئەگەر ئەوانەش ئاڵوگۆڕ بکەین ئەوە یەقینەن نیە، بەڵکو بۆ ئاڵوگۆڕی زارەکیەو بەس، واتە جۆرێك لە خۆسەپاندن لە ئارادایەو لە هەمانکاتیشدا، ئەوەی کە پێی دەوترێت ڕۆشنبیریی بە میرات و ئەمانەت ڕۆشنبیریەتی جێدەهێڵێت و زێدە ناخرێتە سەریان واتە تەلقینیەتەکە پیادە دەکرێتەوە.کەواتە لە گرنگیدانی ڕۆشنبیر خۆیشی بە خۆی تەنها پێکوتینەیەو بەس ، بۆیە ڕۆشنبیر خۆی کەمتر بایەخی بەخۆی داوە لەساغکردنەوی پرسەکان و بینینیان، چی جا ڕۆشنبیریش.

**ئیسماعیل کوردە:** ئەم پرسیارەم لا سەیرەو لەوانەشە تۆزێك لەگەڵ کاك ستارو کاك جەمال جیاوازبم، جارێ هەر لەسەرەتاوە، من پێموانییە کەسی رۆشنبیر سوپەرمان بێت بەمانا سارتەریەکەشیەوە.. دواجار کەسی رۆشنبیر زادەی ئەو کەلتوورو فەرهەنگەیە کە تێیدا گەشەی کردووەو سوپەرمانیش نابێت، چونکێ توانای گۆڕان لەو کائینەدا بەتایبەت لەرۆژهەلاتی خۆمان سنورداو بێ بڕیاە، نەخێر ئەوە رۆشنبیر نییە جێگای خۆی بەرۆشنبیریی دابێ، بەبڕوای خۆم ئەو رۆشنبیریی و خەڵکانی دەرەوەی کایەی رۆشنبیریین، یان بابلێین عەوامی خەڵکن و گەشەی کەلتوورییە وایکردووە کەسی رۆشنبیر لەئاستیدا واقی وڕبمێنێ، کوا کەسی رۆشنبیر وەك جاری جاران گوێی لێدەگیرێت جار رۆشنبیری ئایدیالیستی بێت، سیاسیی بێت ن ئاینی بێت...تاد. ئەمانە ئەزمونی رۆشنبیری رابردوو بوون، ئەو زەمان و زەمینەیەی کاریگەر بوون، وەلێ ئێستا کەم کەس باکی بەبیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژیستیانە ماوە جاچ ئایدیۆلۆژیای مارکسستی یان سەرمایەداری یان ئاینی ... تاد. بۆیە پێموایە ئەمە گەشەی کۆمەڵگاکانە لەرووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنکی و تەکنەلۆژی وایکردووە رۆشنبیر لەپایەی سوپەرمانی بێنێتە خوارەوە، بەمانایەکی دیکە کەسی رۆشنبیر ئێستاش حەزی لەسوپەرمانییە، وەلێ بواری سوپەرمانی نەماوەو هاتنە خوارەکەی ئارەزومەندانە نییە بەقەد ئەوەی جەبری گۆڕانکارییەکان و بەجێمانی ئەو کائینە بەخودی بیرکردنەوەکانیشی بەهێزترن. ئەمەیە واقیعیەتی رۆشنبیر جائەگەر لەئاستی وڵاتی خۆشمانەوە سەیری بکەین کاریگەری کەسێکی سیاسی تا ئەمرۆشی لەگەڵ بێ، ئەکتێڤ تر بووە لەکەسی رۆشنبیر، ئەمەش نەبوونی گوتاری رۆشنبیری ئێمەیە کەوای بەرهەمهێناوە.

مۆدێلی رۆشنبیریی کە ئەزمونمانکردبێ کەسی رۆشنبیرمان لەئاست ئایدیۆلۆژیی، ئایینی ، سیاسی و کەمتر رۆشنبیری مەعریفی و فەلسەفیمان بینیووە، یەکەمیان ئەم نەبوونە بەکزی واری فەرهەنگی و کەلتووری نەتەوەیی ئێمە وەك کورد بوونی هەیە، دوهەمیش ناسەقامگیری فیکرو مەعریفەی کەسەکان ئاڵۆزییەکی ئیجگار توندی بەرهەمهێناوە. کەسی رۆشنبیر لای ئێمە ئاڵۆزە لەنێوان گوتاری رۆشنبیریی خۆی و گوتار سیاسیدا، ئاڵۆزە لەنێو کۆت و بەندە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکایدا، یانیش بەداوای لێبوردنەوە( دەرباره!). لەم هەلومەرجەدا ناتوانرێت بەئاسانی یەکلایبکرێتەوە کەخاوەنی کەلتوورو فەرهەنگێکی سەقامگیریین یان نا!!؟ بۆیە لای ئێمە تا ئێستاش ئەوەی رۆڵی کزولاوازی دەبینێت هەر کاراکتەری( رۆشنبیر) خۆیەتی بۆیە سوپەرمانی کە دنیا گۆڕین نییە، کەسی رۆشنبیریش ناتوانێ لەئێستاداو بەو مۆدیلانەی هەیەتی بازنەی دەور خۆشی بگۆڕێت، چۆن دەتوانێ سوپەرمان بێت بۆ گۆڕینی فەرسەخێك لەعەقڵی داخراوو تاریك.

3_ فەزای رۆشنبیریی کوردی تا ئێستە و بەتایبەت لەدوای راپەڕینەوە چ قۆناغانێکی بڕیوە و تایبەتمەندیی هەر قۆناغێك چی بووە؟ هەروەها ئەم قۆناغانە چەندە توانیویانە کاریگەرێتی دابنێن؟

**ستار باقی:** له میانی پرۆسەی پێکهاتنی ئەتنیکی گەلی کورد،جۆرەها بەرزو نزمی له ئاستی هەستو هۆشو هەلی رۆڵەکانی ئەم کۆمەڵگەی کوردە بەدی کراوە،کە هەر هەمو ئەوانەش تا پێش راپەرینی 1991 گرێدرا و وابەستە بوون بە جۆرەها پرسی باوی ئەوکات.بێگومان لەوەشیاندا رۆشنبیری کورد واتە له قۆناغی پێش راپەریندا، رۆشنبیری کورد لەو فەزایەی کەتیای دەژیا ببوە هۆی پێکهێنانی جۆرێك له رۆشنبیری هاوبەش ئەویش له پنتێکی پرسەکەدا، ئەویشیان رۆشنبیری نەتەوەیی بوونە کە رێژەی ئەوانە پتر بوون لە چاو ئەوانیتر، هەڵبەت نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کەبوونی جۆرەها ئایدیۆلۆژیاو هزری باوی ئەوسەردەمەی پێش راپەرینو هزری رزگاری نەتەوایەتی له چنگ هێزە داگیرکارەکانی کوردستان کە سەرمەشقی هەر رۆشنبیریەکی ئەوکات بوون، بەڵام له دوای راپەرین سەرچاوەی هەستو نەستە چەپێنراوەکانی خەڵك بەگشتیو رۆشنبیران بەتایبەتی تەقیەوە، ئەوەش بە هۆی تێپەرکردنیان بوو بۆ قۆناغی مت بوونو کپ بوونو خۆحەشاردان ، کە ئەوەشیان قۆناغێکی پێش راپەرین بوو.بەڵام دواتر بە هۆی ئەو تایبەتمەندیەی کە راپەرین هێنایە کایەوە بریتی بوو له خۆدۆزینەوەو خۆیەکلاکردنەوەی رۆشنبیران له نێو ئەو حەشاماتەی لیبرالیەتو رادیکالیەت له نێو واقیعی دەم راپەرین. جا ئەوەی دواییان سەرەرای ئەو قۆناغەی کە باسکرا قۆناغی ئازادی رادەربڕینو ئازادی چاپەمەنیو کەم تازۆریش رەخنە گرتن بوو له رابردووو کە ئەوەی دواییان بەردەوام له نێو هزری رۆشنبیری کوردی یاری کردووە.جا تایبەتمەندی هەر قۆناغێك لەوانەش ،پەیوەستە بەو بارودۆخەی کە لێوەی لە دایك بووە، چونکە دوای پێکهێنانی پەرلەمانو حوکمەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی گۆڤارو رۆژنامەکان بێشومار زیادی کرد، بەڵام پەیتا پەیتا ئەتمۆسفیری ئازادی بەرتەسك کرایەوە،واتە کەوتە بەرتەسکیەکی خێڵ ئامێزانە، ئەویش بریتی بوو له سیستمی رابەرایەتی کردنی حزب بۆ رۆشنبیریی. چونکە لەوەی دواییان خۆ یەکلایی کردنەوەیەکی تر هاتە ئاراوە،کە جیا بوو لەوەی یەکەمیان ،چونکە ئەوەیان پەیوەندی بە دوورەوتی هزریەوە هەیە، یەکەمیان ئایدیۆلۆژیای سیاسی حزبو ئەویتریش پرسە نەتەوەییەکەو حوکمیەکە بوو، دواتر قۆناغی شەڕی ناوەخۆ کە دەکرێ بڵێین لەوەیاندا کەمینەیەکی رۆشنبیران کەوتنە نێو واری شەرەکانەوە، واتە ئەوەی لەم نێوەندەشدا مانەوە دواتر یا لە ناوچوون یا خۆیان بە لایەکی شەرەکاندا ساغکردەوە، چونکە قۆناغی شەڕی ناوەخۆ ئازادی بە گشتی ئازادی رادەربڕینی خنکاندو پلورالیەتی حزبی یاخود ئەهلیەتو ئازادیەکانی تاکی بەگشتیو رۆشنبیرانی بەتایبەتی شێواند، چونکە ئەوانە بێ کاریگەری نەبوون له هەر کاردانەوەیەك لەسەر فەزای رۆشنبیری، تا دواتر بیر لەکردنەوەی رۆژنامەی ئەهلیو دەزگای چاپوبڵاوکردنەوە کرایەوە. دیارە رۆشنبیران دەست پێشخەر بوون تیایدا بۆیە ئەم رێچکەیە کە هیوای پێکهێنان و زۆرتری ئازادی لێدەکرا. ئەوەش بە هۆی ئەوەی لە دایك بووی ژێر گوشارو کاریگەری قۆناغێکی پڕئازارو ناخۆشی نێوان دەسەڵاتداران بوو کە هەرەشەش بوو له هزری ئازادو رادیکالو پلورالیەت.بۆیە ئەم قۆناغەی دواییشیان ئەگەرچی ئازادی بوو بەڵام له هەمان

**کاتدا لەتکردن و لاوازکردنی یەکخستنی هزرە نیمچە تەباکان بوو، بەڵام بوونی بوو بە خاڵی وەرچەرخانی دەرکەوتنی رۆشنبیر بەمان ئاساییەکەی و هەروەها رۆژنامە، ئەوەشیان لەلایەنی چەندایەتیەوە. دەکرێت لە هۆکاری سەرەکی ئەوەش هاورا بین ئەگەر هاتو بڵێن بەردەوام فەزای سەرهەڵدانی رۆشنبیری کوردی لە منداڵدانی کەتواری کۆمەڵایەتی خۆی دوورکەوتۆتەوەو کە لەبنەچەشدا تیایدا بەلاوازی یا دوورە پەرێز لەدایك بوو. بۆیە بەم کاردانەوە یا پەرچەکردارە ویسترا و هەڵرسکاوە جا هەرچەند کۆمەڵگەش پێویستی پێی هەبوو بێت بەڵام ئەکتیڤ نەبووە.**

**ئیسماعیل کوردە:** دیارە من بەجیاوازی برادەران، نازانم ئەگەر رۆشنبیری کوردی فەزایەك، یان کایەکی رۆشن و مەعریفی دیاریکراوی بەقەبارەی خۆی هەبێ یان نا، لەنێو کەلتوورو شارستانیەت و مەعریفەی دنیای دوورو نزیکدا، وەلێ قۆناغێك بەدی دەکرێت، کە فەزای کرانەوەو گەرانە بەدوای رۆشنبیرییەکی ستانداردی کوردی، کرانەوەمان لەو قۆناغەدایە، چونکێ بە پەخشبوونی سەدان رۆژنامەو گۆڤارو کتێب و ... تاد. رۆشنبیرییەکی ئەکتێڤ و خاوەن شوناس بەرهەم نایەت، ئەکرێ ئەوەی ئێستا لەکوردستاندا هەیە وەك تایبەتمەندی ئەم قۆناغە سەیربکرێ کە هێشتا وەکو هەموو کایەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردی دەڵەمەیە، وەڵێ تایبەتمەندیەکی نەگەییوە. چونکێ وەك لەپرسیارەکەی بەرێڤئیشتان هاتووە، رۆشنیریی بێکاریگەری دانان بەسەر بای کۆمەلایەتی، سیاسی، فەرهەنگی رۆشنبیرییەکی کاڵفامە. کە من لێرەوە ئەوە دەلێم مانای وانییە پرۆژەو گروهی جددی نەبن، هەن.. وەلێ لەنێو کایەکی ئالۆزکاودان ئەمانیش کاریگەرییەکی رێژەیی و سنورداریان هەیە.. نەبوونەتە گوتارێك بەردەوامی بەخۆیان و تێزو تەرحە فیکرییەکانیان بدەن، تێزێك کە بیرکردنەوەی نوێی بەدواوە بێت. بۆیە رۆشنبیری کوردی بەنا تەندروست دەستی پێکردووەو لەقۆناغی ئێتساشیدا لەژێر کاریگەری رۆشنبیریی فارسی، عەرەبی ، تورکیدا قۆناغەکەی باش نەبرِیوە. بەمانایەکی دیکە نەیتوانییوە قۆناغی متبوونی ژێردەستەیی تێپەرێنێ. تەنها لەرووی زەمەنییەوە ئەکری بڵێین قۆناغی بە لەراپەرین و دوای راپەرِین، کە بێشك جیاوازیان لەنێواندا هەیە، وەلێ دابرِانەکە باش دیار نییە.

**جـەمال پـیرە:** بێگومـان بەبـەراورد لەگـەڵ پێـشووتردا دنیـای رۆشـنبیریی کـوردی گەشـەو پێـشڤەچوونی هەمەلایەنـەی بـەخۆوەبینیوە، گۆرِانـەکان هـەم نـەوعیی و هـەمیش چـەندێتیان بـــەخۆوەبینیوە، دەکـــرێ پێمـــانوابێ چرکەســـاتی راپـــەرِین هـــەڵهاتنی ئاســـۆیەکی نـــوێ و زەمان وزەمینەیەکی تازەوکاریگەریی بەدوای خۆیداهێناوە، کە لەگەڵ خۆیدا گەرای قەڵەمی نوێ و دنیابینی و ئیحساسی پرِ لە جورئەتی دانایەوە، لەوێشەوە کەناڵەکانی بیرکردنەوەوگەرِان بەدوای سەرچاوەی گرنگ و دۆزینەوەی بواری جیاجیای کایە فیکرییـەکانی سـەردەم، بـوون بـە سێرەی مەبەستی هەنـدێ لـە رۆشـنبیرە بەسـەلیقەکانی کـورد، هەڵبەتـە ئەمـە مانـای ئـەوە ناگەیـەنێ کـە کەشە روناکبیرییەکە لە ئاستی دنیای پێشکەوتوو خۆیدا بووە، ئەم فەزا نوێیە خولقاوە، لەگەڵ هەموو گەشەو گۆرِانەکانیدا بێکەموکورِیی نەبووە، دیارە ئەگەر بمانـەوێ پـانزە سـاڵی رابردوو قۆناغبەند بکەین پێویستیمان بە لێکۆڵینـەوەی وردتـر دەبـێ، من لـە لای خۆمـەوە کەش وهـەوای

رونـاكبیریی دوای راپــەڕین دابەشــدەكەمە ســەر چــوار قۆنــاغ كــە هــەر قۆناغــەیان هــەڵگری تایبەتمەنـدیی و سـیمای جیاكـەرەوەی خۆیـەتی، قۆنـاغی یەكـەم لەسـەرەتای راپەڕینـەوە تـا سـەردەمی دوو لـەتبوونی حكومـەتی هـەرێم و سـەرەتای لێكترازانـی دوو زلهێـزە سیاسـییە دەسەڵاتدارەكە، واتە تا كۆتایی ساڵی 1994، ئەم قۆناغەیان بە یەكێ لە قۆناغە هەرە كاریگەرو پڕ لە حەماس دادەنێم بەو پێیەی كە تاكی كورد لـە لووتكـەی گـەرموگوڕیی و ویست ئارەزووی كرانـەوەدا بـوو، ئـەو سـاتە بەسـاتەوەختی پاكبوونـەوەو پیاچـوونەوەی بونیـادی مـەعریفیی دادەنرێـت بـەوەی كـە سـكێچ و شـێوازێكی تـری نوسـین و ئاخـافتن جیـاواز لـە نـەریت و كولتـوری فـەزای رابـردوو هاتەكایـەوە، لـەوێوە ماناكـانی دواوەی ئاخـافتن و نووسـین لای خوێنـەری كـورد ئاكتیڤبوونەوە، ئەگەرچی ئەم پرۆسیسە زۆر بە سستی بەڕێوە دەچوو، بـەڵام گرنگیـی و بایەخـە بنەڕەتییەكەی لەوەدابوو كە پێشتر ئەم وڵاتەی ئێمـەو رۆشـنبیرو خوێنـەری كـورد فـەزای ئـازادی لەم شێوەیەی بەخۆوە نەبینیبوو، حەتمەن نەبوونی ئیرادەیەكی بە هێزی گۆڕان و كرانەوە لەلایەن دەسـەڵاتی نـوێی دامـەزراوە تـازە بونیاتنراوەكانـەوە راسـتەوخۆ لەبەرپرسـیارییەتی تۆكمـەیی و كاریگـەربوونی وزەی روناكبیرییـدا بـەدەر نـەبوو، هاوكـات ئـەم ماوەیـە جۆرێـك لـە سـادەیی و قوڵنەبوونـەوە لـە گوتـارو ئـەدای رۆشـنبیریی بـەدی ئـەكرا، دیـارە هـەوڵی تاكوتـەرا هـەبوون خوێندنەوەو تێڕامانـاكانیان سەرەتایەكی راستودروستی لـەخۆوە گرتبـوو، هـەموو ئـەو گەشـەو دنیا تازەو نوێیـەی كایـەی روناكبیریی قۆنـاغی یەكـەمی دوای راپـەڕین، گـەرموگوڕیی و ئومێـدو حـەزە چـەكەرەكردووەكانی رۆشـنگەربوونی فـەزای كۆمـەڵگای كـوردی لـەوێوە بـە سـەرەتاو قۆنـاغێكی ترسـناك سـپێردرا، ئـەم ترسـناكییە بێگومـان راسـتەوخۆ لـەژێر كاریگـەریی دۆخـی سیاسییەوە سەرچاوەی گرت و توانیشی سەرجەم ئازادییـە بەدەسـتهاتووەكان لـە 1995 وە تـا رێككەوتنامەی واشنتۆنی 1998 سنووربەند بكات، ئەم قۆناغەیان كە ناكرێ هـەروا هاكەزاییانـە بەسـەریدا تێپـەڕین و وەك ئـەزموونێكی تـاڵی مێـژوویی سـەیری نەكـەین، راسـتە لـە ئێـستادا وێنەكانی ئەو سەردەمە قێزەوەن و ناشایستە دەبینـرێن بـەڵام نەخوێندنـەوەی قۆنـاغی دووەم كـە دەتوانم بە قۆناغی لەلووتكەبوونی سیماكانی دووبەرەكی ناوبنێم، قێزەوەنترمان دەكات، لەوسادا رۆشـنبیران دووبـارە دابەشـدەبنەوە، چـەندە میلیـشیاكان رۆڵیـان لـە قووڵبوونـەوەی دووبەركیـدا دەبینی ئەوەندەیتر رۆشنبیرانێك تەكاندەری ئافاتەكە بوون، كەم نین ئەو نووسەرو رۆشنبیرانەی قەڵەم و وشەكانیان دەكردە گوللەو ئەیاننا بە سنگی ئەوی بەرامبـەر كـە خـودێكی كـوردیی بـوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا كەسانێك، ئازادیخوازو دیموكرات، بـوێرو خاوەنهەڵوێـست، لەمەیدانەكـەدا لەساتەوەختی پێویستدا بە سوارچاكی مانـەوەو ئەسپی خۆیان تاو دەدا، رەنگـە ئاسـان نـەبێ بتـوانین ئـەوەی كـە لێرەدا پێویـستە بـوترێ باسـبكرێ بۆیـە ناچـارم زۆر بـە خێرایـی بچمە سـەر قۆنـاغی سـێهەمی ژیـانی رۆشـنبیریی دوای راپـەڕین ، ئـەم قۆناغەشـیان كـە بـە قۆنـاغی دوای نائومێدبوون دەناسرێتەوە بەوەی كە لە قۆنـاغی پێشوودا دووچاری كەش وهـەوای روناكبیریی ببو، لێرەدا گۆڕەپانی فیك و مەعریفەی كوردی چەندین قەڵەمی كارای ناچاركرد وڵات جێبهێڵن و رووبكەنـە هەنـدەران، ئـەوان ئەگەرچـی لـە هەندەرانـدا زۆربـەیان بێـدەنگ نـەبوون بـەڵام كـەم و زۆر

ئاسـەوارێکی تـوورەو نائومێـد بەروخـسارییاتنەوە دیـاربوو، لەبـەر نـەبوونی سـەکۆیەکیش بـۆ خستنە رووی پەیامەکەیان بەوپێیەی ئامرازەکانی گەیانـدن بـەفراوانی نەگەیـشتبووە کوردسـتان نەدەکرا ئەوەی کە لایانـە بیگەیـەنن ، ئەمـە سـەبارەت بـە رۆشـنبیرانی دەرەوە دەربـارەی ئەوانـەی ناوەوەش ماندووبوونو هیلاکییەك بە روخسارییانەوە دەبینرا، لێرەدا دەبوو هەر چۆنێك بێ کـار بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بکرێت ئەوانەی کە لەهەڵمەتی ئاساییکردنەوەدا بەشدار بوون ژمارەیـان یـەکجار کـەم بـوو جـا لەبـەر هـەر هۆیـەك بـووبێ، لـەوێوە سـەرەتایەکی تـر رووەو چاکتربوونی بارودۆخەکە دەستیپێکرد، لە راستیدا پڕ بوو لە هـەوڵو مانـدووبوون، گێڕانـەوەی متمانـەش بـۆ خوێنـەرو رۆشـنبیری کـورد کـارێکی نیمچـە مـەحاڵبوو، لـەم ماوەیـەدا بڵاوکـراوەی ئـەهلییو سـەربەخۆ و چـەندین بلاوکـراوەی رونـاکبیری دەرکـەوتنو وێـڕای ئـەوەی بڵاوکـراوە حیزبییــەکانیش شــێوەیەك لــە گۆڕانکــاریی پــۆزەتیڤی بەخۆیــەوە بینــی کــە بەشــداربوو لــە ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە، ئـەم قۆنـاغـە تـا روخـانی سـەدام لەسـاڵی 2003 ئیدامـەی هـەبوو، لەدوای نەمانی سەدام ئومێدو هیوایەکی گەشتر هاتەپێش بەوەی کە تەنها رێگەچارە قەبوڵکردنی جیاوازییەکانە، گوتاری رۆشنبیریی کـوردیی کەوتـە قۆنـاغێکی تـری ژیـانی خۆیـەوە، کـە بتـوانێ ئاسـانترو بوێرانـەتر کـار بـۆ دەوڵەمەنـدکردنی مـەغزاکانی بکـات، ئـەم گۆڕانکارییـە مێژووییـە راستەوخۆ کاریگەریی بەسەر هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ لەم وڵاتەدا هەبوو، لێرەدا کە تا ئێستا بەردەوامییەك هەیە ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەدا بوارەکانی بیرکردنـەوەو رەخسـاندنی ئـازادیی رۆژنامەنووسی فراوانتر ببنەوە، ئیتر لێرەوە هەمووان چاوەڕێینو چاودێری گۆڕانەکان ئەکەین.

4_ لـە هـەر سـەردەمێکدا رۆشنبیری گرنگی بـە کۆمەڵێك پرس و بابـەت ئـەدا و خۆی پێوە خـەریك دەکا ئـەو پرس و بابـەتانـەی کـە وەك پرۆگرام لـەئێستـەی رۆشنبیریی کوردیدا بـەگشتی گرنگیی پێدەدرێت و زاڵـە چ شتانێکە لـە پاڵ ئـەوەشدا چـەندە پرس و بابـەتی ئـەمڕۆیی و پێویستن؟

**ئیسماعیل کوردە:** هەموو پرسێکی رۆشنبیریی، کەلتووری، فەرهەنگی، دابراو نییە لە واقیعی سیاسی، کۆمەلایەتی، هەر نەتەوەو میللەتێك، دیارە سەردەمانێك بواری ئایدیۆلۆژیایی لەکوردستاندا لەگەرمەی قسەوباسدا بووە، رەخنەی هەلگرتووە، خوێندنەوەی ویستووە، بەهەمان شێوەش مەسەلە گرنگەکانی وەك خەباتی سیاسی، رەوتی نەتەوەیی، تەوژمی ئازادی...تاد جێگای لێکۆڵینەوەی رۆشنبیرانی کوردستان بوون.. وەلێ بەجیاوازی پرسیارەکەتان من باوەڕم بەپرۆگرامرێژی نییە بۆ بابەتو کایەی رۆشنبیر لەئێستاو داهاتووی رۆشنبیریی کوردیشدا، چونکێ زەرورەتی دۆخەکان، بارومەرجی سیاسیو کۆمەلایەتی، زەمانو زەمینەی فیکرەکان، پێویستیو شێوازی مامەڵەی فیکرییو رۆشنبیریی بەرهەمدەهێنن. نەك بەروەختە پرۆگرامکراوبێت. بەنموونە سەردەمانێك باوی باسکردنی فەلسەفەی مارکسیستیو سۆسیالیزمیو دەرهاویشتەکانی بووە، ئێستە مەسەلەی کۆمەڵی مەدەنی، ئازادی تاك، مافی ژنان، مافی مرۆڤ، لیبرالیەت، دیموکراسیەتو هاولاتی بوون تەواوی ئازادییەکانی دیکە جێگای

باسن.ئەمرۆ نەریتێکی رۆشنبیریی هەیە لەقسەکردن دەربارەی نەتەوەو نیشتیمانو مەسەلە فیکرییە جیاوازەکانی دیکە، بۆیە هەنوکە دەکرێ ئەو کایە فیکریی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیانە بەزەرورەت بزانیین کەبۆ خوێنەرو گەشەپێدانی رۆشنبیریی کوردی ئەنجامێکیان هەیە.

لەسەر ئاستی سیاسی ئەمرۆ پرس‌و دۆزی گەورەرە هەن، کەپەیوەندییان بە یەکە یەکەی هاوڵاتیانی کوردستانییەوە هەیە، جێگای باسکردنن، هەمیشەش لەپێشەوەدان، مەسەلەی سیاسیی وەك مافی گەلان لەعێراقدا، مەسەلەی فێدراڵ، مەسەلەی ئازادی ژنان، جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت، مەسەلەی دیموکراسی رۆژئاوایی یان نموونەی عێراقی رۆژهەڵاتی ئەمان کایەن بۆ هەڵکڕاندنی قسەوباسی نوێتر لەقۆناغی ئایندەدا.

رۆشنبیریی کوردستانی بەدەریش نییە لەو هەڵچونو داچوونەدا فیکرییانەدا کە دەرەنجامی کاری توندرەویان لێدەکەوێتەوە، واقیعی کۆمەڵایەتی، ئایینی، لەکوردستاندا دواجار کاریگەرییان بەشێوەو رێژەی خۆیان داناوەتە سەر گوتارکان بە کرانەوە بەرامبەریان، یان بەرگیری لە ئاستیاندا. لێرەشدا جیاوازی دەنێوان رەوتی چەپگەراو راستەڕەوی کوردستاندا هەیە، هەریەکە بەشێوەیەك روانین‌و روئیای خۆی تەرحدەکات.

**جەمال پیرە:** بێگومان ئێستای رۆشنبیریی کوردیی جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ رابردووی خۆیدا هەیە، گوتاری رۆشنبیریی کوردی لە ئێستادا بە خەون‌و دنیابینییەکی نوێوە دووبارە لەدایکدەبێتەوە، خەریکی چەکەرەکردنی خۆیەتی‌و وەکو پێشتریش ئاماژەم پێدا لەهەنگاوێکی نەوعیدایە، ئەم گوتارە وەکو دەبینرێ‌و هەستیپێدەکرێ دەیەوێ دەرەقەتی ئاستی پێشکەوتنەکان بێت، من ئەمە لە زۆربوونی خوێندنەوەو راڤەکردنی مەعریفییانەوە دەبینم، بێگومان کە دەڵێم زۆربوون، بەبەراورد لەگەڵ رابردوودا، بەرەبەرە هەستدەکرێ خۆی لەژێر کاریگەریی کایەی سیاسیی‌و دوور دەخاتەوە بەو مانایەی کە دەیەوێ لەدەرەوەی سنووربەندی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ئایدیۆلۆژییەوە خۆی بدۆزێتەوە، ئەڵبەتە ئەم هەوڵە لە چوارچێوەی دەستگرتن بە رۆحی رەخنەییبوونەوە نەبێ ناکرێ، سەرجەم ماناکانی بوونی خۆی لەسەربەخۆبوونی خۆیەوە نەبێ نایدۆزێتەوە، رۆشنبیری کورد لەمرۆکەدا گرنگی بەتەنها پرسێك نادات تا لێرەوە بەئاسانی دەستنیشانی بکەین بەڵکو خوێندنەوەو بیرکردنەوەکانی هەمەلایەنانەن، بەلام بەگشتی دەتوانین ئاماژە بەهەنگاوە تازەکانی خوێندنەوەوقسەکردنی رۆشنبیری کورد بدەین کە لەم قۆناغەی خۆیدا دەیەوێ چیدی لەئاست تابۆو حەرامکراوەکاندا بێدەنگ نەبێ، دەیەوێ لەگەڵ سەرجەم بەربەستەکاندا لە ململانێدابێ با نەڵێین لە شەڕدابێ، لەراستیشدا ئەمانە پرس‌و بابەتی کاریگەرن ئەگەر لەهەموو لایەکەوە کار بۆ رەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی سەرتاسەری بکرێ، لەپاڵ هەموو ئەمانەشدا ناکرێ وا بەئاسانی پێمانوابێ گوتاری ئەمڕۆی رۆشنبیریی کوردی گوتارێکە لەکەم‌وکوڕیی بەدەرە، بەلام ئەوەی کە لێرەوە بەگرنگی دەزانم لای‌لێبکرێتەوە بەهێزکردنی خودی گوتارەکەو تێکشکاندنی شێوازە تەقلیدییەکەی رۆشنبیرییە، ئێمە لە نێوان تێکهەڵکێش‌و دەقئاوێزانی گوتاری رابردووو

خوێندنەوەی واقیعیی ئەمڕۆو ئایندەبینییدا بەردەوام دووچاری جۆرێك لە حەپەسانو نائومێدی دەبین لەکاتێکدا کە بەستنەوەی ئەم سێ جەمسەرە بەیەکترییەوەو داتاشینی هەیکەلێکی درەوشاوە بۆ جەستەی رۆشنبیریی کوردیی یەکێکە لەهەرە شایستەترین هەنگاوەکان، ئەمەش دەکرێ حاڵەتێکت بۆ بخوڵقێنێ ماندووبوونو شەونخوونی زیاترو زیاترمان لێبخوازێت، وەك دەریشکەوتووە بۆ ئەم مەسەلەیە هەوڵی دەستەجەمعیی و رێککەوتوو لەسەری لەرابردوودا بۆ دەربازبوون لە قەیرانە مەوجودەکانی ناو کایەی رووناکبیریی نەبووە جگە لە هەوڵی فەردیو تاك‌وتەرا، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشەیەکە دەکرێ لەمەولا تیشکی زیاتری بخرێتەسەر.

**ستار باقی: من** پێموایە وەك لەمەوبەریش باسمکرد ئەو رۆشنبیرە کوردانەی کە پێش واقیع کەوتونو کار بۆ دارشتنی ئەو داهێنانە دەکەن کە لە ئێستایدا ناژین ، ئەوانە کەمینەیەکی دەستەبژێرن.بێگومان لە نێو ژیانو دوور نەکەوتنەوە لە نێو واقیعی داسەپاو لە خۆیدا واتای دارشتنەوەی چەمك و ئەو پرسو بابەتانە دەدات کە لە ئێستادا بوونیان هەیەو ناکرێ دەستکاری پیرۆزیان بکرێت. چونکە رۆشنبیرانی ئێمەکاتێ کە شتەکان هەڵدەسەنگێنن ئەوە وەك ئەوەی پەروەردەو هەڵقوڵاوی زەمینەیەکی داگیرکراوو سیاسیو خەبات بوونە ، ئاوا بەم شێوەش واتە بەچاوی پۆلەتیکەوە هەڵیان دەسەنگێنن نەوەکو لە رووی فەرهەنگیەوە بێت. دیارە ئەوەشی کە رۆشنبیران دەجوڵێنێ بریتیە لە بیرکردنەوە، لێکدانەوە، دووبارە بیرکردنەوەو نوێخوازی گونجاو لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان.دیارە لێرەدا بوونی پرۆژەیەکی هاوبەش یاخود تەنانەت تاکگەرایش بێت بۆ رۆشنبیران کاتێك هەبێت لە ئاستی پێویست دانیە، چونکە زۆربەی هەوڵەکانی بەستراونەتەوە بە مەرجەعێکی دوانەیی کە خۆی لە دەسەلات بەدەستی هەردوو مۆتیڤی دارایی وسیاسی دەبینێتەوە، بۆیەش وابەستەگی بوون، ئازادی رادەربرینو نوسینت لێدەسێنێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە نەبوونی یا کەمی هەر پرۆژەیەکی رۆشنبیری سستو لاوازە یا بگرە هەر بوونی نیە، ئەوەی هەشبووبێت ، دەخوازرێت لەناوبردرابێت یا لەداهاتوودا لە ناو ببردرێن ، ئەوەش لە کاتێکدا ئەگەر نەکەونە خۆیانەوە، چونکە ئەو پرسو بابەتانەی لە ئێستای رۆشنبیری کوردی بەدی دەکرێن کە زۆر زەقو زاڵن بەسەریان ئەو پرسی گەرانەیە بەشوێن پێگەو پایەیەکی سیاسیو کۆمەلایەتیو ئابووری ئەوتۆ کە رۆشنبیریو رۆشنبیر بوونەکە بۆ خود بێت نەوەکو بابەت. بەڵام پێویست بوونی پرسو بابەتی هەنوکەیی فرە پێویستن، ئەوەش لە کاتێکدایە کە سەرگەرمی پاچڤەو هەروەها راڤە کردنو شرۆڤەکردنی ئەوانەین کە بە ویستی خۆمانە نەوەکو کۆمەڵگە. واتە لە پێویستیەکاندا چووینەتە دەرەوەو کەوتوینەتە نێو خەیاڵو واقیعێك کە پێویستە رۆشنبیر بۆی دابەزێتو خەیاڵەکەی بکات بەم واقیعەو تێکەڵیەکی فرەیی لێ پێکبهێنێت.چونکە لەم سۆنگەوە رۆشنبیر دەکرێت، خودی پرۆژەکەی ئەگەر هەیبێت یا نەیبێت، ئەوە دەشێ دروستی بکاتو بەم شێوە پرسیار بە شێوەیەکی بابەتیو پرسی هەنووکەیی لە خۆی بکات، کە ئایا سەر بەچی مێژوویەکم و چۆن خۆم لە نێو کۆمەڵگە بدۆزمەوە ،هەروەها قبوڵکردنی ئەویترو ئەوەش وەك بابەتی پرۆژەیەك بۆ

ناسین‌و خوێندنەوە، لەم قۆناغەدا (ئەویتر) یا لێبوردنی بە تەنها لە نێو پانتاییەك نیە لە (ئێرە یا ئەوێدا). بەڵکو بابەتێکیشە لە بەردەم ئێمەدا کە بەشێك لە بوونی خۆمانی لە سەرەوەی ئەو بە ئامانج دەگات، واتە لێرەدا پێویست بە لەخۆ پرسینی چۆن لە(تۆ یا لە ئەویتر)بگەم بەبێ ئەوەی پێشوەخت هەرجۆرە بریارێك لە بارەی (ئەویتر) دەربکەم. بۆیە پرۆژەیەکی تری گرنگ لە پاڵ ئەوانەدا هاندان‌و بەکارخستنی دیالۆگە لە بری رەتکردنەوەو رەشکردنەوەی ئەویتر جا بەهەر بیانوویەك بێت، ناشێت هەرکەسێك رۆشنبیر بێت‌و باس لە کۆمەڵگە بکات، بەلام نەیەت بەردی بناغەی سیستمی دونیای نوێ کە لێبوردنە دابرێژێ.بۆیە لەم چوارچێوەیەدا رۆشنبیران هەقی ئەوەیان لەسەرە کە خۆیان وەك بابەتێك بخەنە روو و دەرگای رەخنەی بنیاتنەر لەسەر خۆیان ئاوەلا بکەن، ئەوەشیان بەبێ تەکلیف کردن لەمن یا تەنانەت لە خودی خۆشیان بۆ دووان لە بارەیانەوە، چونکە دەبێت پرۆژەی هەر رۆشنبیرێك یا بابەتی پێویستی هەر رۆژ خۆیان‌و ناخی خۆیان‌و ئاسۆی دووربینی خۆیان بێت.

5_ وا هەستدەکرێ فەزای رۆشنبیریی کوردی لە پەرچەکردارێکی هەڵرسکاوانە و نا ئەکتیڤدا بووە بە نیسبەتی دۆخی کۆمەلایەتی و سیاسیی خۆیەوە، واتە دۆخی کۆمەلایەتی و سیاسی شتەکانی بەسەریدا فەرز کردووە لەم پێناوەشدا کەمجار بووە رۆشنبیریی کوردی پێش واقیع کەوتبێ، بۆیە بەردەوام دەبینرێ گلەیی و رەخنەی بۆ واقیعێك دەگەرێتەوە کە دەبوا رۆشنبیری خۆی پێشتر رۆلی لە دروستکردنیدا بووبێ، ئەگەر لەرۆژئاوا واقیع و دۆخی هەبوو جێگەی رەخنەیە، فیکر و رۆشنبیرییەکیش کە لە پشتییەوەیە دەکەوێتە بەر رەخنە، هەروەها رۆشنبیری خۆی پرۆگرامی بۆ گۆران هەیە چەندە رۆشنبیریی کوردی توانیویە دانوستانی رەخنەیی و گۆرانکارانەی لەگەڵ واقیعدا ببێت و کاریگەری دابنێ؟

**جەمال پیرە:** ناکرێ قسە لە فەزاو کایەی رۆشنبیریی کوردی بکەین گەر نەگەرێینەوە بۆ دەستنیشانکردن‌و پۆلینکردنی قۆناغەکانی خودی کایەکە ، هەموو ئەو قۆناغانەی کە لێرەوە زەرووره لێیبدوێین راستەوخۆ لەگەڵ خۆیدا مۆدێلێکی تازەی رۆشنبیریی هێناوەتەئاراوە، ئەم کایەیە بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەچەندین مۆدێلی جیاجیادا تێپەریوە، لە بنەرەتدا هەر مۆدێلێکی رۆشنبیریی ئاماژەیەکە بە واقیعیی سەردەمی خۆی‌و هەنگاونان بەرەوپێش‌و گەرانەوەیەکی تەندروستانە بۆ رابردوو، بەلام ئەگەر بپرسین ئاخۆ ئێمە تا چەند بەکردار وابووین ؟ ئەوا دەبێ کەسانی چاودێر حوکمی لەسەر بدەن، ئەلبەتە من لەگەڵ ئەو قسەیەی جەنابتاندام کە دەربارەی نائاکتیڤی فەزای رۆشنبیریی کورد وروژاندوتانە، لەراستیدا رابردووی رۆشنبیریی کوردی ماناکانی رۆشنبیربوونی لە بەرهەمهێنانی فیکریی‌و میتۆدیی و داهێنان‌و نوێبوونەوە وەرنەگرتووە، هەر ئەمەشە وایکردووە ئێستای رۆشنبیریی کوردیی ئێستایەك نەبێ بتوانێ واقیعیی کوردیی وەك واقیعێکی قەیراناوی بخوێنێتەوە، ئەگەر بمانەوێ رابردووەکە

هەلبسەنگێنین ئەوا زۆر بەئاسانی دەتوانین کۆمەڵێك هەڵەی فیکریی بەرجەستە بکەین کە شێوازێکی نامەنهەجیی بە گوتارەکەی خۆی بەخشیوە، رابردووی رۆشنبیریی کوردی پڕە لە فۆبیا لە بەرامبەر لێدوان لەسەر مۆرالی کۆمەڵایەتیی و ئایینی، ئەم گوتارەی رابردوو جگە لەوەی تێکەڵەیەك بووە لەسەرجەم بوارەکانی تر، بەردەوامو راشکاوانە مۆرکێکی سیاسییانەی پێوە دیاربووە، بێگومان فەزایەکیش نەیتوانیبێ کایەو ماناکانی خۆی لە سیاسەتو کایەکانی تر جیابکاتەوە حەتمەن ناشتوانێ کاریگەرییەکی پێویست دابنێ، رۆشنبیری کورد لە رووکەشدا لە هەوڵی بەرجەستەکردنی گۆڕاندا بووە، بەردەوام هەوڵیداوە بەبەرامبەرەکەی بڵێ ئێمە سوارچاکی داهێنانین کەچی لەناوەرۆکدا پەیامەکەی زۆرجار دوورە لە میکانیزمێکی زانستییانەو تۆکمە تا بتوانێ ئەوەبێ کە بانگەشەی بۆ دەکات، بۆ ئەوەی راستگۆیانەتر بدوێین دەبێ ئاماژە بەوەشبدەین کە ئەم قەیرانە بەتەنها لای خودی کوردیی خۆمانەوە نییە بەڵکو لە راستیدا قەیرانێکە دابەشبووەتە سەر سەرجەم کۆمەڵو پێکهاتە جیاجیاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێمە لەم پێگە جوگرافییە گەورەیەی خاوەرمیانەدا هەمیشە رووبەڕووی مەترسییە ئایدۆلۆژییەکان بووینەتەوە، ئەگەرچی لەچارەسەرکردنەکەیدا رەشبین نیم بەڵام حەقی خۆمە گومانم لە زوویی چارەسەرکردنی هەبێ.

**ئیسماعیل کوردە:** **من** سەرەتا ئەو بارەی رۆشنبیریی کوردی بە پەرچەکردار دانانێم، ئەبی ئاماژە بەوەبدەین، رۆشنبیریی کوردی هەوڵیداوە خۆی لەو دۆخە کۆمەڵایەتییەو لەو بارە سیاسیەی تێیدا بووە، جیابکاتەوە کە بەدرێژایی مێژوو، ترادسیۆنی کۆمەڵگاو هاوکێشە سیاسیەکان گەمارۆیان داوە، گەمارۆدانێك تاکرابی واقیگیری خۆی تاسەر ئێسقان بەسەر بیرو بیرکردنەوەی تاکی کورد بەگشتیو رۆشنبیرانیدا سەپاندوە. باری سیاسیو کۆمەڵایەتی، لەپاڵیشیدا ئایینی لەشەڕدابووە بەرامبەر بەکایەو کاراکتەری رۆشنبیرییدا، کەم تازۆریش بواری پێشکەوتنەوەی ئەو واقیعە بەرتەسكو زاڵم بووە، وەلێ ئەمە لەرابردوودا.. !! رابردوویێك رۆشنبیر نەك بەشدار نەبووە لە بەرهەمهێنانو بەرقەراری بڕیارەکانی ، بەڵکو گیری بەدەستەوە خواردووە، ئەمە پەیوەندی بە پاشو پێشی رۆڵی گێڕانی رۆشنبیرەوە نییە. ئەرکی رۆشنبیرانی کورد کارکردن بووە لەسەر ئەم واقیعە وەك تۆ گوتەنی کە رۆڵی لەبەرهەمهێنانیدا نەبووە. ئەوەی جێگای سەرنجە بوونی رەخنەیە لەرۆشنبیریی کوردیدا کە تا ئاستێکی باش بەرەو کرانەوە دەچێت، زۆرجار نەبوونی رۆڵ لەدروستبوونی بارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگیدا بەنیسبەت رۆشنبیر، بەرامبەر کۆمەڵێك خەتی سووری کردۆتەوە، بەمانایەکی دیکە بەشداربوون لەدروست بوونی کایەکاندا مانای دروست بوونی بنەمای رەخنەو گەشەکردنیەتی بەپێی قۆناغەکان. لای ئێمە رەخنەو بوونی کەلتووری رەخنەگرتن تەمەنێکی درێژی نییە تاوەکو کاریگەریەکەی بەشێوەیەکی ئاسایی دیار بێت.

کۆمەڵگای رۆژئاوای کە کۆمەڵگایەکی رەخنەییە ، ناکری بەکۆمەڵگای کوردی بەراورد بکری، کەلتورێك ئەم بارەی رۆژئاوای دروستکردووە کە لای ئێمەی رۆژهەڵاتی ئەم کەلتوورە یان نییە، یانیش بەسەقەتی بوونی هەیە. رۆشنبیریی کوردی نەچۆتە بواری رەخنەیی لەپێناو گۆڕانکاریدا رۆشنبیری کورد رەخنە لەپێناو رەخنەدا دەگری، لەدوای رەخنەگرتنەکەشیدا، بێ بەرنامەو ئەڵتەرناتیڤی شتەکان

پێ نییه، نەك كاریگەری دابنێ. چونكه ئەوەی گۆڕان لەسەر هەموو ئاستەكان دروست دەكات تا ئێستاش دەسەلاتی سیاسییه لەبەارمبەر كزییەكی بەرچاوی رۆشنبیریو نەبوونی هەژموونی گوتارەكەیان، بۆیه رەخنه لەباری سیاسی، كۆمەلاّیەتی كۆمەلگای ئێمەدا غەریزەیه نەك ئامانجو گۆڕان.

**ستار باقی:** هەڵبەت لەخۆیدا له دایك بوون پێویست به شوێن و پەروەردە بوونی دەكات.ئەو فەزا رۆشنبیرییه هەڵرسكاوەی كورد له خۆیدا كه به نائەكتیڤ دەناسرێ بێگومان بەرهەمی ئەو كەتواره سیاسی و كۆمەلایەتی و...وای دەبینم كه رۆشنبیرو رۆشنبیری كورد سەرەتا سیاسەت و سۆزی نەتەوەیی دروستی كردونو هەر ئەویش بۆته هەوێنی بەرۆشنبیر بوونو رۆشنبیریشیان، دیاره له ئەتمۆسفیرێكی وادا كه زیاتر خۆی له رەوتی سەربازیو سیاسی كوردێتیدا دۆزیتەوە، تروسكەی رەخنه زۆر كزولاواز بەدی كراون، بەردەوامیش له نێو واقیعەكەدا خولاوەتەوەو گەر لێیشی هاتبێته دەرەوە بۆ ئەوە نەبووە بگۆرێت بەڵكو بۆ ئەوە بووە خۆی به دونیا نەدیته نەبینێ، چونكه بەلای كورد دونیا نەدیته نەنگیه. كاتێكیش رەخنه له رابردوو یا لەم واقیعەی كه پێش ئەو هەبووە دەگرێت ئەوە له وەدایه كه ئەو رەخنەگرە دەكارێ بۆ دواوە هەنگاو بنێ. بەلاّم خۆیشی بۆ داهاتوو هیچی هەڵنه گرتوە،ئەگینا مێژوو بۆ ئەو كەسەی دەخوێنێتەوەو لەسەری دەنوسێت خۆی دووباره دەكاتەوە، جا ئەم دووباره بوونەوەیەش مانای وانیه له دەرەوەی واقیعەوە نابێتن بەڵكو گرێدراوی هەردووكیان دەبێت، واته واقیعو پێشبینی ، كه لەوەیاندا ئێمه سستین یاخود كارا نین. وەك ئەوەی كه له ئێستادا قسەو رەخنه لەسەر رابردومان دەكەین، كه ئەوەشیان پێم وایه له خەسڵەتی خۆ بەكەمزانینەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەگینا كێن ئەوانەی رێگه له ئازادی بیری مرۆڤەكان به گشتی و رۆشنبیر به تایبەتی دەگرن.بوونی گۆران یاخود روودانی گۆران بێگومان حەتمیەتێكی مێژوویه، واته له دەرەوەی دەسەلاّتی_هەر كەسێك دایه، بەلاّم ئەوەش واتای ئەوە نادات كه بگۆرمان نیه بۆ گۆرینی واقیع، چونكه ئەوەیان پێویستی به مۆتیڤ و پاشان ئاوەلاّ كردنی دەرگای بیركردنەوە له هەمبەر ئەو شتانەی كه روودەدەن هەن، ئەوەش له كاتێكدا دێته واری پیاده كردن كه ئێمه دەبێ بزانین واقیعی كۆمەلاّیەتی بەرهەمهێنەرو دیاریكەری هۆشیاری كۆمەلاّیەتیه.بۆ بوونی رەخنەش ئێمه لەو دیویەوە نەوەستاوینو بگره كارمان تێیدا كردوە، بەلاّم رەخنه وەك وتم لەلای ئێمه لەسەر داواكاریو سۆز هاتۆته بوون، كه ئەویشیان یا له بەرژەوەندی واقیع دەدوێ یا به ئاراستەی واقیعەكەو گۆرانەكه دەدوێ. ئەوەش واتای ئەوە دەدات كه ئێمه رەخنەمان له پێناو رەخنه بووە نەوەكو له خوێندنەوەی ئەودیوێكی نەبینراوی نێو واقیعو ئەو گۆرانەی دەبێته حەتمی و به شێوەیەكی نەویستراو خۆی فەرز دەكات، ئەوەشیان له كاتێك كه دەگەرێینەوە سەر ئەو بێ ئیرادەییەی كه له رابردوو پیشاندراوە، بەوەی ئەمرۆمان تیایدا وێنەو رامانگەرێتیمانو پێشبینیمان بۆی نەكردوە. ئاراستەكردنی نووسین و رۆشنبیریەتیمان به ئاقاری پێكهێنانی فەزایەكی لێكبوردەیی و رەخنەئامێز له ژێر چەتری دیالۆگ له پێناو مانەوەو گونجان لەگەڵ واقیعی باو له

پێناو بینینی ئەودیوی ئاسۆی نادیار بۆ هەموومان، چونکە دانوستانی ڕەخنەیی هەنگاوی یەکەمی ملکەچنەکردنە بۆ واقیعی باوی پێشبینیە بە دیکراوەکان. واتە ئێمە بە جۆرێك لە گۆران دەچینە پێش کە بۆ بەرژەوەندی خۆمانو بەس بەکاری دەهێنین، چونکە بە پێچەوانەی ئێمە ، ئەو واقیعە ئێمەدەخاتە بەرژەوەندی خۆیەوەو دواتریش ئێمەش دەگەرێینەوە سەر هزرە باوەکانی نەوە بەراییەکان، ئەویش بە رۆیشتنو تەنها گوێگرتن. جا ئەو رۆشنبیرانەی ناگەڕێن بە شوێن دانوستانی رەخنەیی و گۆرانکاری سەرەرای رەخنە گرتن لەقۆناغی پێش ئێستا کە ئەوانە تەقلیدین ولە قاوغ نراون. دیارە لێرەشدا مەبەستم لە تەقلیدی واتەپرسیار نەگردنە لە هەبوون و واقیعی باو . بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە بەردەوام رۆشنبیر پێش هەر شتێ یۆتۆپیا ساز دەکات وئاسۆی خەونەکانیشی هەمیشە لە داهاتوو سەرهەڵدەدەن. دیارە لەوەشدا مەبەستم لە دروستکردنی کاریگەریە لە داهاتوو،گەرچی ئەوەیان ئاستی کاریگەری لە نێو رۆشنبیرانی کورد لاوازە هۆکەیشی بیرنەکردنەوە یا غەمساردیانە لە دانوستانە رەخنەییەکان ، کە کاریگەریەکی نێگەتیڤی ناوەتە نێو کۆمەڵگە و گۆرانێکی نەخوازراو و بێ ویستی لێهاتۆتە بەرهەم.

* تێبینی ئەم مێزگردە بۆ ژمارە 56 ی هەفتەنامەی رۆژهەلاَت ئەنجامدراوە.